هەڤاڵ ئەبوبەکر: بەغدا لەجیاتی فشارکردنەسەر پارتی و یەکێتی مووچەو نانی خەڵکی کوردستان دەبڕێت

ئەمڕۆ شەممە (25ـی تشرینی دووەمی 2023)، یەکەمین دیداری میزەپەتامیا لە سلەمانی بەڕێوەچوو بە مەبەستی ئاسایی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، کە تیایدا پارێزگاری سلەمانی هەڤاڵ ئەبوبەکر هایگیاند: بەغدا لەجیاتی فشارکردنەسەر پارتی و یەکێتی، مووچەو نانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، هەروەها دووپاتیانکردەوە، ئەگەر ئەو جۆرە سیاسەتە لە بەغدا بەردەوام بێت تەواوکاری جینەسایدی ئێمەی پشوو دەکاتەوە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر وتیشی: لە هەشت ساڵی رابردوو تاوەکو ئێستا بەغدا بودجەی هەموو کەرتەکانی هەرێمی بڕیوەو باجەکشی تەنها خەڵکی کوردستان داویەتی، هەروەها ئاماژەی بەوشدا، ئەوەی ئێستا عێراق بەرامبەر هەرێم دەیکات هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ جینەساید کردن نییە.